www.kurdistannet.org
30-4-2003 23:02

# بۆ رای گشتی و هەموو هێزە پەیوەندیدارەکان:-

## KADEK کۆنسەی سەرۆکایەتی گشتی

کاتی چارەسەری و یەکێتی دیموکراسی هاتووە گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لەژێر باری کێشە نیشتمانیی و کۆمەڵایەتیەقورسەکان لە جیهاندا دووچاری بن بەست بوونێکی جددی هاتبوو، بێگومان لەگەل دەست پێکردنی شەڕی ئێستا لەگەڵ ئێراقدا کەوتۆتە قۆناخێکی نوێوە، ئەو کێشە گرانانە لەگەڵ خۆیدا شێوازێك لەسیستەم دەهێنێت کە گرێدراو بێت بە بەهاکانی دیموکراسی و ئازادی و مافەکانی مرۆڤ، ئێستاش دەرفەت و رەوشی چارەسەری دەرکەوتووە. تایبەتمەندی سەرەکی کە مۆرکی خۆی لەقۆناخی نوێ دەدات بڵندبوون و دەرکەوتنی چارەسەری یەکێتی دیموکراسییە لە رێگای شەڕ و شێوازی ئاشتی بەهاوتەریبی لەگەڵ یەکتریدا، لەگەڵ ئەوەی تائێستا ئەنجامی دوایی دەرنەکەوتووە، بەڵام وەك چۆن لە نموونەی ئێراقدا بینرا، شێوازی چارەسەری پشت بەستوو بە شەڕ پێك دێت لەوکاتەی کە شێوازی ئاشتی، سیاسی رەت بکرێتەوە و بخرێتە سەر رەف. لەوکاتەی چارەسەری ئاشتی و سیاسی پشت گوێ بخرێت و رەت بکرێتەوە، ئەوا لە رۆژەڤدا جێی خۆی دەگرێت و هەروەها لە مەسەلەی شەڕیشدا خۆی نیشان دەدات جا ئەوە لە دەرەوە هاتبێ یان لەناوەوە. پارێزگاری کردن لەئاشتی بێ دۆزینەوەی چارەسەری پێویست، هیچ مانایەکی نابێت بۆ گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لەژێر گرانی کێشە هەڵواسراوەکاندا دەناڵێنێ، ئەگەر مانایەکیشی هەبێت تەنها هاریکاریکردنە بۆ کۆنەپەرستی، کە ژیانی کردۆتە زیندانێکی بێ رەحم بۆ هەموو توێژەکانی کۆمەڵگا کە لە دەرەوەی نەزۆکی و بن بەست بوون و رازیبوونێکی خۆ ویستانە بۆ ئاڵاندنی پەتی سێدارە لەمل بەولاوە هیچ شتێکی تر بەرهەم ناهێنێت و تەنها بەردەوام کردنێکە بۆ رژێمی ئێراقی هەڵوەشێنراو و پەرتەوازەکراو. بۆ ئەوەش پێویستە بەچاوێکی پۆزەتیفانە لە رووداوی رووخاندنی ئەم رژێمە بڕوانین، چونکە ئەمە دەکەوێتە خزمەتی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی.

رژێمە دەسەڵاتدارەکان لەهەموو ولاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست توانای خۆیان لەدەستدا لەگەیاندنی کێشەکان بۆ چارەسەری پێویست، لەگەڵ هەموو سەرچاوە دەوڵەمەندە مەزنەکان و تواناکانی پێشکەوتن، لەگەڵ ئەمانەدا ئەم رژێمانە کەوتنە رەوشێك کە باری کێشەکان گرانتر بکەن و لەجیاتی چارەسەری و دەربازکردنی کێشەی نوێیان خوڵقاند، هەموو دەستپێشخەرییەك کەپێی هەستان لەژێر ناوی چارەسەری، تەنیا بارگران کردنی کێشەکانی لێکەوتەوە. ئا لێرەدا پێویستە بۆ

ئەو هاندەرە شاراوانەی رێگرن لەبەردەم پێشکەوتنی بەرچاو و جددی لەبوارەکانی دیموکراسی و ئازادی و مافەکانی مرۆڤ بگەڕێین. لەکاتێکدا وەڵامێکی پۆزەتیفانەی لەبەرامبەر هەموو ئەو رەنجەی کە گەلان لەم پێناوەدا دایان نەدایەوە. دەبینین کە رێگای بەرزکرنەوەی فشارە داسەپێنراوەکان هەڵدەبژێرێت، لەلایەکی ترەوە گەلان دەبینین کە لەسەر زەوی خێر و بێراتن، بەڵام لەناو هەژارییەکی بێ وێنەدا دەخولێنەوە، لە ئەنجامی پیادەکردنی ئەو سیاسەتانەوە ناتوانێت بەرهەمی پێویست بەدەست بخات لەداواکانی بۆ ژیانێکی باش و خۆشگوزەران لە سەرچاوەی سامانە دەوڵەمەندەکانی وڵات. هەژاری و بێ بەشی و برسێتی و رەوشی بەربڵاوی ژیانی خراپ بەرهەمی ئەو سیاسەتانەیە کە لەلایەن رژێمەکانی ئێستاوە پیادە دەکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا ئەم رژێمانە هەتا ئێستاش سوورن لەسەر ئەو رەوشە و، لەبەرامبەر دەست پێشخەری وەرچەرخان و گۆڕانکاری دیموکراسی بەرچاو بەرخۆدانی دەکەن، ئەمەش وادەکات کە دەربازکردنیان پێداویستیەکی مێژوویی گرنگ بێت. لە کاتێکدا لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دواکەوتن و بێچارەیی زاڵە مرۆڤایەتی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێت، ئەو زەویانەی کە لانکە بوون بۆ لەدایکبوونی مرۆڤایەتی و شارستانیەت، ئەمڕۆ بوونەتە قەڵای دواکەوتن و کۆنەپەرستی ئەو شێوازی ژیانەی کە لەسەر گەلان داسەپێنراوە بریتیە لە مانەوە لە تاریکایی مێژوو و بەرخۆدانی وەرچەرخان و گۆڕانی دیموکراسی و پەیوەست بوون بە بەهاکانی رابوردوو لەجیاتی روانین بۆ ئاییندەیەکی ئازاد، تا ئێستاش "دەوڵەتی پیرۆز" کە رەگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی دەوڵەتی راهیبە سۆمەریەکان، گرنگترین کاریگەری بناخەییە لەدیاریکردنی سیمای رژێمەکانی. پێداگرتن لە پێشکەوتنی هەنگاوێك و دوو هەنگاو گەڕانەوە بۆ دواوە لەبواری پێکهێنانی پێداویستی پێشکەوتنە کۆمەڵایەتیەکان گوزارەیەکی روون و بەرچاوە لێی لە کام گۆشەیەوە لەمەسەلەکان بڕوانین، ئەو رژێمانەی لەسەر بناخەی فەلسەفەی "دەوڵەتی پیرۆز" پێکهێنراوە رێگری خۆیان زێدە تر دەکەن بۆ دیموکراسیەت و ئازادی و مافەکانی مرۆڤ و ژیانێکی باشتر و لەسەر ئەم رێگەیەش بەردەوامن. لەبەر ئەم هۆکارە چارەسەری رزگاربوون بۆ گەلانی ژێر دەست و ژن و چینە زەحمەت کێشەکان بەدەربازکردنی ئەم رژێمانە پێك دێت، دەربازکردنی ئەو رژێمانەی کە بێ سنوور دواکەوتوون لە رێگەی تێکۆشانێکی دیموکراسیەوە، مەسەلەیەکی رەوایە و گفتوگۆ هەڵناگرێ، لەم کارەدا ئەوە پێویستە کە تێکۆشان لەخزمەتی پێشکەوتنی دیموکراسیدا بێت. ئیتر ئەو کاتە هاتووە کە گەلان

www.kurdistannet.org
30-4-2003 23:02

لەپێناوی ژیانێکی دیموکراسی چی پێویست بێت دەری ببرن و بیهێننە زمان. رژێمەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە رۆڵێکی پۆزەتیفانەی بەرچاویان لەبواری پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی نەگێڕا لەسەدەی بیستەم سیاسەتی نکۆڵی کردن و قڕکردنیان بەرامبەر گەلی کورد پەیڕەو کرد. بەو شێوەیە کوردان لە ئازادی نیشتمانی و مافی مرۆڤانەیان بێ بەش بوون، هەموو داوایەکیان بۆ ئازادی بە توندوتیژیەکی خوێناویانە و بەهاوکاری رژێمی نێودەوڵەتی بەرپەرچ درایەوە. هەروەها رووبەڕووی کۆمەڵکوژی و کەوتنە زیندان و ئەشکەنجە و بێ سەر و شوێن کردن و بێ بەش کردن و هەژاری و هەموو ئەو رەفتارانەی کە دوورن لە چوارچێوەی مرۆڤایەتی بوونەوە و، بوونە بەشێکی دانەبڕاو لەژیانی گەلی کورد، هەروەها نکۆڵی کردن و قڕکردن لەلایەن دەوڵەتە باڵادەستەکانی سەری و هێزە نێودەوڵەتیەکان بەیەکەوە وەك بناخەیەکی یاسایی پشتیان پێ دەبەست و جوڵەیان لەسەر دەکرد، ئەم رەوشە چەسپاوە هیچ لایەنێکی پۆزەتیفی بۆ گەلی کورد تێدا نەبوو، بەگەیشتنە ساڵانی هەفتاکان گەلی کورد دووچاری لەناوچوون و توانەوە بۆوە، بەتایبەت لەم خاڵەدا تێکۆشانی ژیانەوەی نیشتمانی لەرێی رەنجی بەرچاوی سەرۆکایەتی گشتیمان سەرۆك عەبدوڵڵا ئۆج ئالان دەستی پێکرد. ئەم تێکۆشانەش سەرکەوت و گەیشتە ئاواتی خۆی لەگەڵ پێکهێنانی ژیانەوەی نیشتمانی لە ناوەڕاستی نەوەدەکان لە رێگەی ئەو فیداکارییە گەورەیەی لەو ماوەیەدا پێشکەشی کرد، لە ساڵانی دوای ئەویش تێکۆشانی رزگاری نیشتمانی پشت بەستوو بە قازانجەکانی ژیانەوە پیادەکرا. کاتێك لەگەڵ ئەو هەموو دەست درێژیانەی کرایە سەری بۆ سەرکوت کردنی ئەو تێکۆشانەی لەم بوارەدا بڵند دەبوو، پیلانی نێودەوڵەتیان داڕشت کە ئامانجی سەرەکییان سەرۆکایەتی گشتیمان بوو و، لە دەوروبەری دەخولانەوە. ئەم پیلانگێڕییە نا حەقیەکی گەورە بوو لە بەرامبەر گەلی کورد. پیلانگێڕی نێودەوڵەتی هێرشێکە لە کەسایەتی سەرۆك ئاپۆدا کە مافی گەلی کورد بۆ ژیانێکی ئازاد بەئامانج دەگرێت، لەهەمان کاتدا گەورەترین هێرشە کە رژێمی سەدەی بیستەم لەبەرامبەر گەلی کورد پێکی هێنا و، ئەمریکا رێبەرایەتی بۆ کرد. رێبەرایەتی بیل کلینتۆن بەدرێژایی هەشت ساڵ لە دەسەڵاتەکەی بێ سنوور هاریکاری دایە دەوڵەتی تورکیا کە شەڕێکی لەناو بردنی دژی تێکۆشانی رزگاریخوازی کوردستان بەڕێوەدەبرد، هەروەك چۆن بەڕێوبەرایەتی کلینتۆن بەهیچ شێوەیەك نەگەڕا بۆ چارەسەری پرسی کورد، بەڵکو رژێمی تورکیای ژیاندەوە، کە ئێستاش بۆتە بارێکی گران بۆ بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا. ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە بوارێکی زۆری دایە رژێمە کۆنەپەرستەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ دابین کردنی پێداویستی مانەوەی، کە لێرەدا سوودیان لە کارەکانی ئەو وەردەگرت لەناوچەکەدا. هەروەها بەرپرسیارێتی درێژ کردنەوەی تەمەنی رژێمی سەددام بۆ ساڵانێکی دوور و درێژ دوای شەڕی کەنداو دەگەڕێتەوە بۆ ئەم بەڕێوبەرایەتیە، تەنها بەهۆی ئەم هۆکارە بوو کە بەڕێوبەرایەتی بیل کلینتۆن لە دەسەڵات کەوت لە هەڵبژاردنێکدا کە جێگەی مشتومڕێکی زۆرە، بەڕێوبەرایەتی نوێی ئەمریکا پێویستی بینی گۆڕانکاری جددی بەسەر سیاسەتی خۆیدا بێنێ کە وەك پێداویستیەکی دەست لێ بەرنەدراوە لە جیهان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

وەڵامی سەرۆکایەتی گشتیمان بۆ پیلانگێڕی دەست پێکردنی قۆناخی وەرچەرخان و گۆڕانی دیموکراسی بوو، بەم شێوەیە شێوازی تێکۆشانی ئاشتی و سیاسی هەڵبژێردرا بۆ پراکتیزەکردنی چارەسەری یەکێتی دیموکراسیانە کە بناخەیەکی ئایدیۆلۆژی قووڵ و سەرتاسەری هەیە لە رێگەی ئەو پارێزنامەیەی پێشکەشی دادگای مافی مرۆڤی ئەورووپای کرد، PKK لە رابردوودا و KADEK لەم ساڵانەی دواییدا لەسەر ئەو رێیە تێکۆشانیان بەردەوام کرد، ئەمە لەگەڵ ئەو رەنجە گەورەیەیگەلی کورد لەم چوار ساڵەی دواییدا لە تێکۆشانی خۆیان نیشانیاندا، کە ناو دەبرێت بەقۆناخی رزگاری دیموکراسی، رەنجێکی زۆر و هەمەلایەنانە نیشاندرا بۆ ئاراستەکردنی رژێمەکان لەهەر چوار وڵاتە دەسەڵاتدارەکە لە کوردستاندا، ئەوانیش تورکیا و ئێران و ئێراق و سوریان بەرەو قۆناخی وەرچەرخان و گۆڕینی دیموکراسی. لە کاتێکدا کە تێکۆشانی راپەڕینی دیموکراسی لەسەر رێبازی شارستانی دیموکراسی کە سەرۆکایەتی گشتیمان پێشنیاری کردبوو بەڕێوەچوو و گەلی کوردی وەك نوێنەری هێزی چارەسەری دەرخستە مەیدان، لەلای دووەمەوە دەبینین کە ئەو رژێمانە سوورن لەسەر رێبازی خۆیان و نەیانتوانی هیچ دەست پێشخەرییەکی جددی و شایانی باس نیشان بدەن بۆ چارەسەری ئاشتی و سیاسی، هەروەك چۆن دوور بوون لە نیشاندانی توانا و خوڵقکاری بۆ پێکهێنانی ریفۆرمە دیموکراسیەکان، هیچ هەنگاوێکی جددیان لە رێگەی چارەسەر کردنی پرسی کوردی دا نەناوە، هەروەك چۆن رژێمی ئێراق لە سیاسەتی خۆیدا بۆ ئەم پرسە هیچ گۆڕانکارییەکی پێك نەهێنا لەگەڵ ئەوەی لە رەوشێکی زۆر خراپ و لاوازدا بوو، دەبینین کە ئەوەی تورکیا دەیکات تەنیا دەرخستنی ئەو یاسا و دەستوورانەیە کە لە راستیدا ناکەونەواری پراکتیکییەوە، ئێران و سوریاش لەم بوارەدا رەنجێکی شایانی باسیان نەداوە بۆ پیادە کردنی سیاسەتی نوێ، دەتوانین بڵێین هەموو رژێمەکان گوێی خۆیان کەڕ کردووە و لەپێناو چارەسەریدا هیچ رەنجێکیان نییە و، وەك پێداویستیەك لە پێداویستیەکانی رۆڵی گۆڕینی ئەوانەی کە ناتوانن خۆیان بگۆڕن ئەمەریکا دەستی کرد بە دەستێوەردان بۆ رژێمی ئێراق، ئەگەر پێداگرتن لە نەکەوتنە قۆناخی وەرچەرخان و گۆڕینی دیموکراسی بەردەوام بێت، ئەوا هەموو وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەشێوازی جیا جیا تووشی دەستێوەردان دەبنەوە. ئەمریکا دەستی کرد بە هەوڵەکانی بۆ دەرباز کردنی ئەو رژێمە سەرمایەدارییەی دەگەڕایەوە بۆ سەدەی بیستەم کاتێك بینی کە ئیتر خزمەتی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی ناکات و، بڕیاریدا کە هەموو ئەو رژێمە نەزۆکانە دەربازبکات، جا دۆستی بن یان دوژمنی بن و،

ئەوەی لە مەسەلەکە تێدەگەیشترێت ئەوەیە کە سەرۆکی رژێم لەناکۆکی دایە لەگەڵ بنکەکەی و، ئەو هاوپەیمانانەی لە پێشیدا رێگرن جددیان ناگرێ، دەتوانرێت دەست پێکردنی شەڕ لەبەرامبەر ئێراق لەگەڵ دژایەتی کردنی زۆر لەو وڵاتانە وەکو ئەڵمانیا، فەرەنسا، روسیا لەژێر ئەم بیانووەدا شیبکرێتەوە، هەمان هۆکارە کە بووە هۆی ئەوەی لەگەڵ ئەو هەوڵانەی تورکیا دای بۆ پاراستنی رەوشی خۆی لەژێر ناوی "هاوپەیمانی ستراتیژی" بێ ئەنجام بمێنێ، هەروەك چۆن رەهەندی سۆسیالیستی سیستەمی جیهانی کە لە سەدەی بیستەم زاڵ بوو بەکەوتنە نەوەدەکانەوە بەپەلە دەربازکرا، بەهەمان شێوە رەهەندی سەرمایەداری ئەو رژێمە لە ساڵانی ٢٠٠٠بێ گومان و بەپەلە دەربازبکرێت، سەرلەنوێ رێکخستنەوەی جیهان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کارێکی حاشاهەڵنەگرە، ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەو شێوازەیە کە لە پێکهێنانی وەرچەرخان و گۆڕاندا پیادە دەکرێت، لەلایەکی ترەوە مەسەلەی یەکگرتنەوەیەتی لەگەڵ بەها بناخەییەکانی مرۆڤایەتی لە دیموکراسیەت و ئازادی و مافەکانی مرۆڤ.

سەرکەوتنی دەستێوەردانی ئێستا لەئێراق گرێدراوی پراکتیزەکردن و چەسپاندنی دیموکراسیەت و ئازادی و مافەکانی مرۆڤە، دەستێوەردانی ئەمریکا لە ئێراق و رژێمەکانی تر بەسەرکەوتوویی بەئەنجام ناگات، تەنیا بەو رێژەیە نەبێت کە رێگە بکاتەوە بۆ دەرکەوتنی ئەو پێشکەوتنانەی کە هاوتەریب بێت لەگەڵ بەها هاوبەشەکانی مرۆڤایەتی. پێکهێنانی ئەو رژێمانە ئەگەر لەسەر بناخەی تایبەتمەندییەکانی سەردەمی رابوردوو بێت، ئەوا رێگە دەکرێتەوە بۆ ئاشووب و ئاڵۆزیەکی زۆر گەورە. بۆ ئەوەش یەك رێگای چارەسەری لەبەردەم ئەمریکادایە ئەویش هاریکاری کردن و رێگە کردنەوەیە لەبەردەم دامەزراندنی ئەو رژێمە دیموکراسیانەی کەپشتیان بە ئیرادەی گەلان بەستووە و، هەموو ترس و حساباتەکان بخرێنە لاوە و دەست بکرێت بە پراکتیزەکردنی رەگ و ریشەیی ریفۆرمە دیموکراسیەکان، ئەمەش رێگە لەبەردەم شەڕ دەگرێت و کۆتایی پێ دەهێنێت، بۆ ئەوەی دووچاری شەڕ و داپلۆسین نەبینەوە تاکە رێگا سەرکەوتنە لە وەرچەرخان و گۆڕانە دیموکراسیەکان. ئەم پرسەش لەهەر کەس زیاتر گرێدراوی رژێمە دەسەڵاتدارەکانی سەر کوردستانە، لەهەمانکاتدا پێویستییەکی زۆر هەیە لە قازانج کردنی گەلانی ناوچەکە بۆ دەست پێشخەریە دیموکراسیەکان هەرچەندە دەست پێشخەری لەلایەن گەلانەوە قازانج بکرێت ئەوەندە دەتوانرێت کە ئەو رەوشە نوێیانەی دەردەکەون بۆ چەسپاندنی دیموکراسیەت و ئازادی و مافی مرۆڤ باشتر بەکار بهێنرێن. لەم بوارەدا رێکخستنی هێزە دیموکراسیەکان بۆ خۆی و بڵندکردنەوەی ئاستی تێکۆشانی گرنگیەکی چارەنوسانەی هەیە، بەڵام بۆ بزووتنەوەی نیشتمانی کوردی، ئەگەر دەیەوێت ببێتە هێزێکی چارەسەری، پێویستە چاوێك بەسیاسەتی رابردووی خۆیدا بگێڕێتەوە و، بتوانێت ببێتە وەڵام بۆ هێڵی شارستانی دیموکراسی، پێویستە لەسەری کە پشت ببەستێ بەچارەسەری یەکێتی دیموکراسی لەجیاتی ئەو چارەسەرییەی کە خۆی لە دەمارگیری نەتەوەیی دا دەبینێتەوە، سیاسەتی دەمارگیری نەتەوەیی کلاسیکی لەماوەیەکی زۆر کورتدا بن بەست بوون لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ، بزووتنەوەی کوردی لەهەر کەس زیاتر پێویستیەکی گەورەی بە وەرچەرخان و گۆڕینی دیموکراسی هەیە. بەگرتنی هەموو هێزە نیشتمانیەکان بۆ رێیوو بەدوا داچوونی لەقۆناخی وەرچەرخان و گۆڕینی دیموکراسی، پێویستیەکی دەست لێبەرنەدراوە بۆ چارەسەری. KADEKباوەڕ دەکات کە کاتی پراکتیزەکردنی چارەسەری یەکێتی دیموکراسی بە دەست پێکردن لەو راستیە نەگۆڕاوانەوە هاتووە، هەر بۆ ئەوەش ئەو چارەسەری بەشێوازێکی ئاشتی و سیاسیانە هەڵدەبژێرێت بۆ ئەوەی جارێکی تر گەلان بەهەڵگیرساندنی شەڕی تر زۆری و زەحمەتی نەبینێ و، لەبەر گرنگی ئەو کارەش بەپێویستی بینی کە گەڵاڵە نامەیەکی چارەسەری پێشکەش بەڕای گشتی و ناوەندە پەیوەندیدارەکان بکات. پێداویستیە گشتییەکانی چارەسەری دیموکراسی:-

١ ـ بەستنی "کۆنفراسی دیموکراسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست" بە ئامادە بوونی هەموو حکومەت و پارتە سیاسیەکان و رێکخستنەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەبێ دانانی جیاوازی لەنێوان نەتەوە، رەگەز، ئایین و مەزهەبەکان، دیاریکردنی پێوانەکانی دیموکراسی و ئازادیەکان و مافەکانی مرۆڤ بۆ هەموو توێژەکانی کۆمەڵگا و ئەو رژێمانەی لەقۆناخی نوێدا دادەمەزرێنرێن لەسەر بنەمای دیموکراسی گەردوونی و مافەکانی مرۆڤ و ئازادی.

٢ ـ دیاریکردنی پرەنسیپە سەرەکیەکان بۆ گەیشتنە شێوازی بەڕێوەبردنی دیموکراسی بۆ ئەو وڵاتانەی کە کوردستان دەکەوێتە ناو سنوورەکانی هەر لە تورکیا و ئێراق بۆ ئێران و سوریاش و، دیاریکردنی چوارچێوەی پێویست بۆ چارەسەرکردنی پرسی کوردی ئەویش لە رێگای کۆنفرانسێکی دیموکراسییەوە کە حکومەتی ئەو وڵاتانە و پارتە سیاسیەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی تیایدا ئامادەبن.

٣ ـ بەڕێوەبردنی پەرلەمان لە تورکیا و ئێراق و ئێران و سوریا بەسیستەمێکی دیموکراسی و، دانانی پێداویستیە یاسایی و فەرمیەکان بۆ کردنەوەی رێگا لەبەردەم نوێنەرایەتی کردنی نەتەوەکان و ژنان و هەموو توێژە کۆمەڵایەتیەکان بۆ خۆیان بەشێوەیەکی ئازاد.

٤ ـ هەموو ئەو پەیمان و رێککەوتنانەی کە لەسەردەمی رابردوودا لەلایەن تورکیا و ئێران و ئێراق و سوریا بەئامانجی بێ بەش کردنی کوردان لە ئازادییان بەسترا دەستیان لێ بەربدرێت و، دانانی سنوورێکی دوایی بۆ ئەو هەوڵدانانە.

٥ ـ هەڵسانی توركیا و ئێران و ئێراق و سوریا بە داواكردنی لێبووردن بۆ هەموو ئەو كارە نایەكسانانەی، كە ئەو وڵاتانە بەدرێژایی سەدەی بیستەم لە بەرامبەر كوردان پێكیان هێنا، ئەوەش بخرێتە ناو یاسا فەرمیەكانەوە بۆ ئەوەی باوەڕی و متمانە بدات لەپێناوی خولقاندنی یەكێتی ئازاددا.

٦ ـ هەڵگرتنی هەموو ئەو كۆسپانەی كە ڕێگرن لەبەردەم بەشداربوونی ئازادی گەلی كورد بۆ هەموو بوارەكانی ژیان لە سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتی و. . . هتد لەهەموو وڵاتێك كە تیایدا ژیانی كردبێت، پشت گرتنی ئەم بەشداری كردنە ئازادە بە متمانەیەكی یاسایی.

٧ ـ پشت بەستن بە بەدەست هێنانی ئازادی گەلی كورد لەناو سنووری ئەو وڵاتانەی كە تیایدا دەژی و، دوور كەوتنەوەی بزووتنەوەی نیشتمانی كوردی لە هەڵوێستە جیاخوازەكان.

٨ ـ بەشێوەیەكی تایبەت هاریكاریكردن بۆ پێشكەوتنی گەلی كورد و پێكهێنانی پێشكەوتنی ژنان لەهەموو كۆمەڵگاكاندا، ئەم هاریكارییەش بخرێتە ناو متمانەیەكی یاساییەوە.

***چارەسەری یەكێتی دیموكراسی لە توركیا***

١ ـ ئامادەكردنی دەستوورێك كە گونجاو بێت لەگەڵ پێوانە گەردوونیەكان بۆ دیموكراسییەت و مافەكانی مرۆڤ و ئازادیەكانی لە ڕێگەی ژمارەیەكی تەواو كە نوێنەرایەتی حكومەت و پارتە سیاسیەكان و ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی بكات.

٢ ـ چەسپاندنی ئازادی تەواو لە چالاكیە سیاسیەكاندا و، دانانی سنوورێكی كۆتایی بۆ داخستنی پارتە سیاسیەكان، ئامادەكردنی سیستەمێكی هەڵبژاردن كە تیایدا هەموو توێژەكانی كۆمەڵگا بتوانن نوێنەرایەتی خۆیان لەناو پەرلەماندا بكەن و، ئەمەش بكەوێتە بواری كردارییەوە.

٣ ـ دانانی یاسای تایبەت كە پشتگیری ژن بكات بۆ ئەوەی لە ڕەوشی لاواز لەبەرامبەر پیاو ڕزگاری ببێت و، لەناوبردنی ئەو ناهەوسەنگیە بەرچاوەی كە لەنێوان هەموو ناوچەكانی توركیادا هەیە و، پشتگیری كردنی ئەو گروپە كۆمەڵایەتیانەی كە بەهۆی باوەڕی ئایینی و ئەتنیكی دووچاری تاڵان و ستەم بوونەتەوە، ئەمەش لەناو دەستووردا فەراهەم بكرێت.

٤ ـ دەركردنی یاسای بنچینەیی كە ژیان و كار بۆ توێژە زەحمەتكێشەكان لە كۆمەڵگادا دابین بكات.

٥ ـ هەڵگرتنی هەموو ئەو بەربەستانەی كە ئاستەنگن لەبەردەم ڕێكخستن و چەسپاندنی كۆمەڵگای مەدەنی، هەروەها بڵندكردنی ئاستی بارودۆخی یاسایی و ماددی بۆ ئەو پێشكەوتنانەی كە دەردەكەون.

٦ ـ ئەو دەستوورە نوێیەی كە ئامادە دەكرێت و دەخرێتە بواری پێكهێنانەوە پێویستە چارەسەر كردنی پرسی كوردی وەك بەشێكی بنەڕەتی تیایدا بەبنەما بگیردرێت و هەروەها ڕاستی نەتەوەیی كوردان و ئازادییەكانیان تیایدا بناسرێت.

أ) دامەزراندنی پارتیەكان و دەركردنی یاسای پێویستی هەڵبژاردن بۆ ڕەنگدانەوەی ئیرادەی گەلی كورد لە پەرلەماندا.

ب) ئامادەكردنی بەشداری گەلی كورد لە بەڕێوبەرایەتی ناوەندیدا ئەویش لە ڕێگەی دەركردنی یاسای تایبەت.

ج) پێكهێنانی بەڕێوبەرایەتیە ناوخۆییەكان كە دەسەڵاتی خۆیان لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئازادەوە بەرفراوان دەكەن، دیاریكردنی گەیشتنی گەلی كورد بەمافی بەڕێوەبردنی خۆیی وەك مافێكی یاسایی و دەستووری كە نمونەبێت بۆ چارەسەری پرسی كوردی.

د) سەرۆكایەتی گشتی KADEK سەرۆك عەبدوڵڵا ئۆج ئالان كە چارەسەری یەكێتی دیموكراتی پێشخست ئازادی خۆی بەدەست بهێنێت و، دان بنرێت بە مافە سیاسی و كۆمەڵایەتیەكانی لە ژیاندا، هەڵگرتنی ئەو گۆشەگیرییەی لە بەرامبەری پێكدێت وەك هەنگاوێكی بەپەلە و بێ دواكەوتن و، باش كردنی ڕەوشی گوزەرانی.

هـ) دەركردنی یاسایەكی لێبوردنی گشتی بۆ هەموو گیراوە سیاسیەكان بەبێ هیچ دواخستنێك، دان پیانان بەمافە سیاسی و كۆمەڵایەتیەكانیان و، نەهێشتنی تەواوی بارودۆخی پێكدادان ئەویش لە ڕێگای بەشداری كردنی هێزی پاراستنی گەل (HPG) و KADEKو هێزە ئۆپۆزیسیۆنەكانی تر بۆ قۆناخی یاسایی.

و) پێشخستن و بەكارهێنانی زمانی كوردی لە ڕێگەی دەستوورەوە و هیچ سنوورێك لە بوارەكانی پەروەردە و فێركردن و تەلەفزیۆن و ڕادیۆ بەزمانی كوردی دانەنرێت، بەڵكو دان پیانان بە ئازادی تەواو لەو بوارەدا.

ز) هەڵوەشاندنەوە و لە ناوبردنی یەكێتی پارێزگارانی گوند و هەموو ڕێكخراوەكانی شەڕی تایبەت، هەروەها دەست نیشانكردن و دیاریكردنی تاوانەكانی بكەری نادیار و سزادانی بەرپرسان لێی.

ح) دەركردنی یاسا پێویستەكان بۆ ڕێك كردنەوەی ڕەوشی ئەوانەی لە شەڕ زەرەریان بینیوە، بەپەلە پرۆژەی گەڕانەوە بۆ گوندەكان بكەوێتە بواری كردارییەوە.

له كاتێكدا پێداویستی ئەم گەڵاڵەنامەی چارەسەرییە وەك چۆن لەسەرەوە له چوارچێوەی چەند خاڵێكدا دامان رشتووە بەبێ هیچ دواخستنێك پێك بهێنرێت، بەو رەنگە توركیا لەهەموو ئاستەنگیەكان رزگاری دەبێت و دەكەوێتە سەر رێی گەشەكردن و بڵندبوون.

***چارەسەری یەكێتی دیموكراسی له ئێران:-***

١ ـ ئامادەكردنی دەستوورێكی گونجاو لەگەڵ پێوانە گەردوونیەكانی دیموكراسیەت و مافەكانی مرۆڤ و ئازادیەكانی بۆ دابین كردنی دامەزراندنی سیستەمێكی پەرلەمانی دیموكراسی، هەڵسانی حكومەت بە یەكخستنەوەی هەموو یاساكان لەگەڵ دەستوورە نوێیەكە بەئامادە بوونی ژمارەیەكی تەواو له گروپە كۆمەڵایەتی و سیاسیەكان تیایدا.

٢ ـ پشتگیری كردنی ئازادی هەڵسوڕانی چالاكی سیاسی و دامەزراندنی پارتە سیاسیەكان بە یاسا و دەستوورێك كە ئەمانە گەرەنتی بكات.

٣ ـ دان نان بەچالاكی سەندیكا و كۆمەڵە و وەقف و هەموو چالاكی رێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی وەك مافێكی دەستووری، هەروەها دەركردنی یاسای پێویست بۆ بەكارهێنانی ئازادانەی ئەم مافانە.

٤ ـ دەركردنی یاسای تایبەت كە پشتگیری ژنان بكات بۆ رزگاربوون لەو رەوشە لاوازەی هەیانە بەرامبەر پیاوان، هەروەها لەناوبردنی ئەو ناهاوسەنگیە بەرچاوەی لەنێوان ناوچە جیاوازەكانی ئێراندا هەیە و، پشتگیری كردنی ئەو گروپە كۆمەڵایەتیانەی كە بەهۆی باوەڕی ئایینی و ئەتنیكی دووچاری تاڵان و ستەم بوونەتەوە، ئەمەش لەناو دەستووردا فەراهەم بكرێت.

٥ ـ دەركردنی یاسای بنچینەیی كەژیان و كار بۆ توێژە زەحمەتكێشەكان له كۆمەڵگادا دابین بكات.

٦ ـ دەركردنی یاسایەكی لێبوردنی گشتی كە هەموو گیراوە سیاسیەكان و رێكخستنەكان و ئەو كەسایەتیانە بگرێتەوە كە كەوتوونەتە رەوشێكی نایاسایی، دانانی بەمافیان له بەشدار بوونێكی ئازاد بۆ ژیانی سیاسی و كۆمەڵایەتی.

٧ ـ ئەو دەستوورە نوێیەی كە ئامادە دەكرێت و دەكەوێتە بواری كردارییەوە، پێویستە چارەسەركردنی پرسی كورد وەك بەندێكی بناخەیی بێت تیایدا و، راستی و ئازادی نەتەوەیی كورد له دەستووردا بناسێنرێت.

أ) دامەزراندنی پارتی نوێ و دەرخستنی یاسای هەڵبژاردن بۆ ئەوەی ئیرادەی گەلی كورد له پەرلەمانی ناوەندیدا رەنگ بداتەوە، له رێی هەندێك یاسای تایبەتەوە دابین كردنی جێگە گرتن له بەرێوەبەرایەتی ناوەندیدا.

ب) سەرلەنوێ رێكخستنەوەی سنووری ولایەتەكان بە لەبەرچاو گرتنی جێگای ژیانی گەلی كورد، زیادكردنی دەسەڵاتی بەرێوبەرایەتی ولایەتەكان و بەخشینی هێزی پێویست پێیان و، دامەزراندنی ئەم بەرێوەبەرایەتیانە له رێگەی هەڵبژاردنی

ئازاد و ئەمەش وەك نمونە بێت بۆ چارەسەری پرسی كوردی، له رێگەی یاسا و دەستوورەوە پشتگیری لێ بكرێت.

ج) پێشخستن و بەكارهێنانی زمانی كوردی له رێگەی دەستوورەوە و هیچ سنوورێك لەبوارەكانی پەروەردە و فێركردن و تەلەفیزیۆن و رادیۆ بەزمانی كوردی دانەنرێت، بەڵكو دان پیانان بەئازادی تەواو لەو بوارەدا.

د) ئەو یاسایانەی كە لەئازادی گەلی كورد كەم دەكەنەوە بەلاوە بنرێن و كۆتاییان پێ بهێنرێت.

له كاتێكدا ئەم ریفۆرمە دیموكراسیە بنەڕەتیانە بەگوێرەی داخوازیەكانی كۆمەڵگای ئێرانی و چارەسەری مەسەلەی كورد لەو چوارچێوە دیاریكراوەدا پێك بهێنرێن، ئەوا مەترسی دەستێوەردانی دەرەكی نامێنێت و، ئەوكاتە دەگەینە راستی ئێرانێك كە بەهێزتر و پێشكەوتووترە و هەموو هاووڵاتیان لێی بەخاوەن دەردەكەون و لەمەترسی دەیپارێزن.

***چارەسەری یەكێتی دیموكراسی له ئێراق:-***

١ ـ پێویستە سیستەمی نوێی ئێراق پەرلەمانی بێت، لەو سەرەتایەوە بەشداریكردنی هەموو توێژە نیشتمانی و كۆمەڵایەتی و سیاسیەكان له دامەزراندنی سیستەم و ئامادەكردنی ئەو دەستوورەی كە پشتی بێ دەبەستێت دابین بكرێت.

٢ ـ دامەزراندنی سیستەمی نوێ بەرەنگێك بێت كە یەك بگرێتەوە لەگەڵ پێوانە گەردوونیەكان بۆ دیموكراسی و مافی مرۆڤ و ئازادی.

٣ ـ له بەرفراوانترین چوارچێوەدا ئازادی دامەزراندنی پارتی و تێكۆشانی سیاسی بپارێزێت و، ئەمەش له رێگەی یاساو دەستوورەوە دابین بكرێت.

٤ ـ تێروانین بۆ رێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی وەكو پێداویستیەكی دەست لێبەرنەدراو بۆ سیستەمی دیموكراسی و ئەمەش له رێگای یاساو دەستوورەوە دابین بكرێت.

٥ ـ پشگیری كردنی ژیان و كاری توێژە زەحمەتكێشەكانی كۆمەڵگا له رێگەی بناخە یاسایەكانەوە.

٦ ـ پاراستنی یەكێتی ئێراق له رێگەی یەكێتی ئازادانە و یەكسانانە پێكدێت لەنێوان عەرەب و كورد و ئاشووری و توركمانەكان.

٧ ـ هەردوو شاری موسڵ و كەركوك بەرپرسیارن لەبەرامبەر پەرلەمانی كوردستان وەك دوو ویلایەت كە رێبەرایەتیەكی تایبەتیان هەیە لەناو سنووری فیدراسیۆنی كوردستان.

www.kurdistannet.org
30-4-2003 23:02

٨ ـ گەڕانەوەی کورد و ئاشووری و تورکمانەکان بۆ سەر زەوی خۆیان کە لە ڕێگەی ڕژێمە جیاوازەکانەوە لێی دابڕابوون و نەهێشتن و دابین کردنی دوورنەکەوتنەوەی هاوولاَتیان لەزەوی و زاریان لەبەر هۆکاری سیاسی.

٩ ـ فیدراسیۆنی کوردستان و ئازادی گەلی کورد لەدەستووری ئێراقدا وەك بەشێکی سەربەخۆ جێگەی خۆی بگرێت.

أ) ئەو یاساو دەستوورەی کەتیایدا سیستەمی ویلایەتی کوردستان خاوەنی حکومەت و پەرلەمانی خۆیەتی دابین بکرێت، کە خاوەن دەست پێشخەری بەرفراوانە و لەرێگەی هەلَبژاردنێکی ئازادەوە پێك هاتووە و بەنمونەی چارەسەری دادەنرێت.

ب) دامەزراندنی پەرلەمانێکی نیشتمانی لە ڕێگەی هەلَبژاردنێکی ئازادەوە لە کوردستان، هەروەها دەسەلاَت بدرێتە ئەم پەرلەمانە بۆ دەرکردنی یاسای گشتی لە پەیوەندی خۆیدا لەگەلّ پەرلەمانی ناوەندی و ویلایەتەکان.

ج) پێویستە لە یاساو دەستووردا سەربەست کردنی دامەزراندنی پارتی و بواری تێکۆشانی سیاسی لە فیدراسیۆنی کوردستاندا فەراهەم بکرێت و، سنوورێکی کۆتایی دابنرێت بۆ ئەو جێگاتایبەتەی کە YNK و PDK هەیانە.

د) پشتگیری کردنی ڕەوشی پێشکەوتنی ڕێکخراوەکانی کۆمەلگای مەدەنی لە فیدراسیۆنی کوردستاندا ئەویش لە ڕێگەی پشتگیری یاسایی و دەستوورییەوە، هەروەها دابین کردنی مافەکانی ژن و چینە زەحمەتکێشەکان لەناو یاساو دەستووردا.

ه) دان نان بەمافە تایبەتییەکانی ئاشووری و تورکمان و یەزیدیەکان و هەموو گروپەکانی تر، دابین کردنی بەشداربوونیان لە بەڕێوبەرایەتی لە ڕێگەی بڕیاری تایبەتەوە.

چارەسەری یەکێتی دیموکراسی تاکە ڕێگەیە بۆ ڕزگاربوونی هەموو گەلانی عەرەب و کورد و ئاشووری و تورکمان و ئەو گروپە ئاینیانەی کە باوەڕییان بە شیعە و یەزیدیەت هەیە، کە لەژێر باری ڕژێمی دیکتاتۆری و شەڕە بێ کۆتاییەکان زۆری و زەحمەتیەکی لە رادەبەدەریان بینی و، بگەنە خۆشی و ژیانێکی ئاسوودە و سەربلَند، ڕێگای ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ئێراق و هەروەها دەرکەوتنیش لە ڕێگەی ئەم چارەسەرییەوە دەرباز دەبێت.

***چارەسەری یەکێتی دیموکراسی لە سوری:-***

١ ـ کۆتایی پێهێنانی بەڕێوەبردنی سوریا لە ڕێگەی یاساکانی ڕەوشی ئاوارتەوە.

٢ ـ ئامادەکردنی دەستوورێك کە یەك بگرێتەوە لەگەلّ پێوانە گەردوونیەکان بۆ دیموکراسیەت و مافەکانی مرۆڤ و ئازادیەکان بۆ دابین کردنی دامەزراندنی سیستەمێکی پەرلەمانی دیموکراسی، ئاواکردنی حکومەت بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی

پێویست لە گروپە کۆمەلاَیەتی و نیشتمانی و سیاسیەکان تیایدا، هەلّسان بەیەك خستنی هەموو ئەم یاسایانە لەگەلّ دەستوورە نوێیەکەدا.

٣ ـ ئازادی بواری تێکۆشانی سیاسی و دامەزراندنی پارتە سیاسیەکان لە ڕێگەی یاساو دەستوورەوە دابین بکرێت.

٤ ـ دان نان بەدامەزراندنی سەندیکا و کۆمەلّە و وەقف و هەروەها هەموو ڕێکخراوەکانی کۆمەلگای مەدەنی وەك مافێکی دەستووری و بۆئەوەی ئەم مافاناش ئازادانە پێك بێت یاسایان بۆ دەربخرێت.

٥ ـ دەرکردنی یاسای تایبەت کە پشتگیری لە ژن بکات بۆ ئەوەی ڕزگاری بێت لە ڕەوشی لاوازی لەبەرامبەر پیاو، هەروەها کۆمەلاَیەتیانەی کە بەهۆی باوەڕی ئایینی و ئەتنیکی دووچاری تالاَن و ستەم بوونەتەوە، ئەمەش لەناو دەستووردا فەراهەم بکرێت.

٦ ـ دەرکردنی یاساو سیاسەتی پێویست کە ژیانی هەموو عەرەب و کورد و کەمینەی ئەرمەنی و سریانی و دورزی و هتد بە برایانە و لەژێر یەك چەتردا دابین بکات لەچواچێوەی یەکێتی دیموکراسی ئازاددا.

٧ ـ پشتگیری کردنی ژیان و کاری توێژە زەحمەتکێشەکانی کۆمەلگا لە ڕێگەی بناخە یاساییەکانەوە.

٨ ـ دەرکردنی یاسایەکی لێبوردنی گشتی کە هەموو گیراوە سیاسیەکان و ڕێکخستنەکان و ئەو کەسایەتیانە بگرێتەوە کە کەوتوونەتە ڕەوشێکی نایاساییەوە، ئەمەش پێویستیەکی بنەڕەتیە بۆ چەسپاندنی ئاشتی کۆمەلاَیەتی و، داننان بەمافیان بۆ بەشداری کردنێکی ئازاد لە ژیانی سیاسی و کۆمەلاَیەتیدا.

٩ ـ ئەو دەستوورە نوێیەی کە ئامادە دەکرێت و دەخرێتە بواری پێك هێنانەوە پێویستە چارەسەرکردنی پرسی کوردی وەك بەشێکی بنەڕەتی تیایدا بەبنەما بگیردرێت و هەروەها ڕاستی نەتەوەیی کوردان و ئازادیەکانیان تیایدا بپارێزرێت.

أ) دامەزراندنی پارتی نوێ و دەرکردنی یاسای هەلّبژاردن بۆ ئەوەی ئیرادەی گەلی کورد لە پەرلەماندا ڕەنگ بداتەوە و دابین کردنی جێگە گرتنی لە بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی ئەویش لە ڕێگەی یاسای تایبەتەوە.

ب) پێکهێنانی بەڕێوەبەرایەتیە نێوخۆییەکان (شارەوانی، والی گشتی. . . هتد) کە دەسەلاَتەکانی بەرفراوانتر بکات، ئەویش لە ڕێگەی هەلّبژاردنێکی ئازادەوە، داننان بەمافی گەلی کورد لە بەڕێوبەرایەتیەکی خۆبەخۆدا وەك مافێکی یاسایی و دەستووری ئەمەش وەك نمونەیەك بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد سەیری بکرێت.

ج) دانانی سنوورێکی کۆتایی بۆ سیاسەتی "بێگانە" کە لەبەرامبەر بەشێکی گرنگی گەلی کورد لە سوریا پێکدێت و پێویستە مافی هاووڵاتێتی دەستووری بدرێت پێیان و هەموو ئەو مافانەی کە لێیان زەوت کرابوو بۆیان بگەڕێتەوە و لەبەرامبەر ئەو زەرەرەی پێیان گەیشتبوو قەرەبوو بکرێنەوە.

د) پشتگیری کردن و پێشخستنی زمانی کوردی لە ڕێگەی دەستوورەوە و هیچ سنوورێك بۆ پەروەردە و فێرکردن و تەلەفزیۆن و بڵاوکردنەوەی رادیۆ بەزمانی کوردی دانەنرێت، بەڵکو لەم بوارەدا دان پێدانانێکی تەواو هەبێت. سوریا لەو کێشە گرانانەی کە هەیەتی و لە مەترسی دەستێوەردانی دەرەکی رزگاری دەبێت لە ڕێگەی چارەسەری یەکێتی دیموکراسی، ناکرێت سوریایەکی پێشکەوتوو بەهێز لە دەرەوەی دیموکراتیزەکردن بینا بکرێت. پیادەکردنی وڵاتە داگیرکەرەکانی سەر کوردستان بۆ چارەسەری یەکێتی دیموکراسی لە بەرژەوەندی هەموو لایەنەکانە، تاکە ئالتەرناتیف بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکان دامەزراندنی سیستەمی دیموکراسییە، کەوتنە ناوەوەی ئەو وڵاتانەی کە ناویان هێنرا بۆ قۆناخی دیموکراسی هاریکار دەبێت بۆ پێشکەوتنی هەموو شێوازەکانی هاوپەیمانێتی لەنێوانیاندا، ئیتر گەلی کوردی ئازاد دەردەکەوێت لەوەی ببێتە سەرچاوەیەك بۆ پێکدادان و ململانێ لەنێوانیاندا و، ببێتە پردێك بۆ چەسپاندن و بەهێز کردنی یەکێتی.

پێویستیەکی زۆر هەیە بۆ گفتوگۆ لەپێناوی پێشخستنی چارەسەری یەکێتی دیموکراسی، KADEK بێ قەید و شەرت ئامادەیە کە ئەوەی لەسەر شانێتی لەم بوارەدا پێکی بهێنێت.

٢٠٠٣/٤/١٩

کۆنسەی سەرۆکایەتی گشتی KADEK

کوردستان نێت www.kurdistannet.org